# وەقایعی کوردستان


ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٨٣)ساڵی بیست و دووەم ٢٠ حوزەیران ٢٠٢٢ ز. ٣٠ جۆزەردان ٢٧٢٢ی کوردی ٢٠ ذوالقعدة ١٤٤٣ کۆچی

283



**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو** ل ١

تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠٢١

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٧

تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی لە هەرێمی کوردستان - عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ل ١٠

تایبەت بە بەخشینی بریکاری بەشە خۆراک و ئارد بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی پەروەردە** ل ١٣

تایبەت بە کرێدان و دابەشکردنی داهاتی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن

**ڕێنمایی دارایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٢

ڕێنمایی تایبەت بە تەنسیب کردنی فەرمانبەران

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٢ و ٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٢٤

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ل ٢٥

**بەیانی ژمارە(١٢ و ١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٦

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ل ٢٨

**بەیانی ژمارە (٥ - ٧ - ٨ - ٩ - ١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ل ٢٩

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ٣٠

**بەیانی ژمارە (٩ – ١٠ – ١١ – ١٢ – ١٣ - ١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی** ل ٣١



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٨٣) السنة الثاني والعشرون ٢٠ حزيران ٢٠٢٢م. ٣٠ جۆزەردان ٢٧٢٢ك. ٢٠ ذوالقعدة ١٤٤٣ هـ.

283


فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


| | |
|---|---|
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الزراعة و الموارد المائية | ص ١ |
| تعليمات رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٧ |
| تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠٢٢ وزارة التجارة و الصناعة | ص ١٠ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة التربية | ص ١٣ |
| تعليمات المالى رقم (٨) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الاقتصاد | ص ٢٢ |
| قرار گمرگى رقم (٢ و ٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الاقتصاد | ص ٢٤ |
| بيان لسنة ٢٠٢٢ مجلس القضاء | ص ٢٥ |
| بيان رقم (١٢ و ١٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة الداخلية | ص ٢٦ |
| بيان رقم (٣) لسنة ٢٠٢٢ وزارة البلديات و السياحة | ص ٢٨ |
| بيان رقم (٥ — ٧ — ٨ — ٩ - ١٠) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العدل | ص ٢٩ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ وزارة المالية و الاقتصاد | ص ٣٠ |
| بيان رقم (٩ — ١٠ — ١١ — ١٢ — ١٣ - ١٤) لسنة ٢٠٢٢ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ص ٣١ |



The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

No.: 283 Date: June 20, 2022 Vol.: 22



العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

**وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە : ٣٢٠٧ لە ٢٠٢٢/٥/١٩**

پاڵپشت بە بڕگەی (٤) لە ماددەی (٢) وە بڕگەی (٢) لە ماددەی (٣)، وە ماددەی (٨) لە یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستان- عێراق بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی لە کەرتی تایبەت ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢١) لە هەرێمی کوردستان- عێراق**

**ماددەی (١):**

وەزارەت لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بە هەماهەنگی سەندیکا و کۆمەڵەکان لە هەرێمی کوردستان کاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی کشتوکاڵی بواری ڕووەکی و ئاژەڵی و کارگەکانی پیشەسازی خۆراك و دەرمان و قڕکەری کشتوکاڵی و ڤاکسین و پەینی کیمیاوی و مێرووە سوود بەخشەکانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەران و نوسینگەکان و کۆمپانیاکانی سەودا و بازرگانی بە پێداویستی و کەل و پەلی کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری و کۆگای خۆراک و ساردکەرەوە، هەر پرۆژەو کارگە وشوێنێکی تایبەت بە بواری کشتوکاڵی (ڕووەکی ، ئاژەڵی) ڕێك دەخاتەوە، بەپێی یاسای ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠٢١) تایبەت بە سەرپەرشتیارانی پرۆژەکانی کشتوکاڵی بە مەرجێك نابێت هیچ پرۆژەیەك بەبێ سەرپەرشتیار بمێنێتەوە.

**ماددەی (٢):**

دەبێت سەرپەرشتیاری پرۆژە بە کرداری سەرپەرشتیار بێت ،وە ئامانجی سەرەکی لە سەرپەرشتیاری بۆ پێش خستن و زیادکردنی بەرهەمی خۆماڵی دەبێت لە ڕووی بڕو جۆریەتی، وەهەروەها دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی کشتوکاڵی و ڤێتێرنەری ، وە لە کاتی بەجێنەهێنانی ئەم ئامانجە پێویستە سەرپەرشتیار بیسەلمێنێت کە هەوڵی جددی داوە و ئەنجامەکە لە دەرەوەی ویست وتوانای ئەودابووە بە پێچەوانەوە دوور دەخرێتەوە لە کاری سەرپەرشتیکردن بۆ ماوەی (١)یەک ساڵ ئەومافەی نامێنێت، بە ڕەزامەندی وەزیر .

**ماددەی (٣):**

١- سەرپەرشتیار دەبێت دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و ئەندامی سەندیکا یان کۆمەڵەی تایبەتمەند بێت و ئەولەویەت دەدرێت بە سەرپەرشتیارێک کە نیشتەجێی ناوچەکە بێت وپڕۆژەکە لە سنوری ئەو ناوچەیە بێت، بەڵام ئەگەر وا نەبوو ئەوا بەڕەزامەندی لە نزیکترین ناوچەی پرۆژەکە سەرپەرشتیار دابنرێت.

٢- سەرپەرشتیار لەکاتی تۆمارکرنی ناوی بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆژەکان و نوسینگە و کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان پێویستە ناسنامەی شارستانی یان کارتی نیشتمانی و کارتی زانیاری و وێنەیەک لە بڕوانامەو لاری نەبوونی سەندیکا یان کۆمەڵەی پەیوەندیدار پێشکەش بە لیژنەی باڵا بکات .

٣- لە دانانی سەرپەرشتیار بۆ سەر پرۆژەکان ئەولەویەت بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی (دکتۆرا – ماستەر- دبلۆمی باڵا – بکالۆریۆس – پەیمانگا – ئامادەیی ...) لە زانستی کشتوکاڵی یان ڤیتێرنەری دەدرێت بەو مەرجەی بەڵێننامە پربکاتەوە لە کەرتی گشتی دانەمەزرا بێت بە هەمیشەیی یان گرێبەست.

٤- پێویستە سەرپەرشتیاری پرۆژە گەورەکان و ستراتیژییەکان خاوەن ئەزموون و شارەزایی تەواو بن، وە ئەولەویەت بۆ پێشبرکێی بڕوانامەیە.

٥- خاوەن پرۆژەی کشتوکاڵی کە دەرچووی بواری کشتوکاڵی یان ڤێتێرنەری بێت دەتوانێت سەرپەرشتی پرۆژەکەی خۆی بکات بە مەرجی بەشداری کردن لە خولی شیاندن بەپێی پسپۆری.

٦- دەبێت سەرپەرشتیار ڕاپۆرتی مانگانە یاخود بەپێی تایبەتمەندی پرۆژەکە بدات بە بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار بە شێوەی بەردەوام یاخود لە کاتی دەست پێکردنی بەرهەم هێنان وفرۆشتنی بەرهەمەکان، وە تۆماری تایبەت هەبێت لە پرۆژەکە، وە بەرپرسیارە لە رووی هونەری وکواڵتی بەرهەمی تەندروست و سەلامەت، وەبەرپرسیارە لە ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار لەکاتی ڕوودانی نەخۆشی و هەر حالەتێکی نەخوازراو تاکو بە زووترین کات چارەسەر بکرێت.

٧- سەرپەرشتیار بەلایەنی کەم دەبێت پێش(٣٠) سی ڕۆژ لە وازهێنانی لە سەرپەرشتیکردن ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار و خاوەن پرۆژە بکاتەوە بە نوسراو .

**ماددەی (٤):**

١- کرێی سەرپەرشتیار مانگانە دەدرێت لەلایەن خاوەن پرۆژە کە نابێت لە (٣٥٠,٠٠٠) سێ سەدو پەنجا هەزار دیناری عیراقی کەمتر بێت بەپێی یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکارانی عێراقی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی هەمواركراو یان هەر یاسایەکی تری خانەنشینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەرکار، جگە لە کرێی هاتووچۆ کە بەڕێکەوتن دەبێت لە نێوان هەردوولا.

٢- کلێشە و ڕێکارسازییەکانی گرێبەستی نێوان خاوەن پرۆژە و سەرپەرشتیار لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە وەزارەت ئامادە دەکرێت وە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار دەکرێت کە ماف و ئەرکی هەردوو لا بەرجەستە کراوە تێیدا .

٣- بەشی یاسایی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار گرێبەستی نێوان سەرپەرشتیار و خاوەن پرۆژە پەسەند دەکات وە بەڵێننامە لەسەرپەرشتیار وەرئەگرێت کە هەستێت بەکاری سەرپەرشتیاری بەکرداری.

٤- سەرپەرشتیار پێویستە سەردانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بکات بە مەبەستی خۆ تۆمارکردن بۆ مافی خانەنشین کردن و بیمەی کۆمەڵایەتی لە داهاتوو .

**ماددەی (٥):**

دیاری کردنی لیژنەیەکی باڵا بە فەرمانی وەزیر لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و بە ئەندامێتی سەندیکا و کۆمەڵەکان بۆ مەبەستی پاڵاوتن و وەرگرتنی داواکاری دەرچووانی دانەمەزراو کە خواستی سەرپەرشتیاران هەیە بەپێی (بڕوانامە ، پسپۆری ، ساڵی دەرچوون ، ئەزموون)، دوای هەڵسەنگاندنیان بە ڕەزامەندی وەزیر دەبێت.

**ماددەی (٦):**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون لە وەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و سەندیکاو کۆمەڵە پەیوەندیدارەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کاری بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاری ئەنجام دەدەن، وە هەروەها کردنەوەی دۆسیەی تایبەت بە سەرپەرشتیاران و کە هەموو سەرەتاکانی تێدا هەڵبگیرێت و وێنەیەک لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان هەبێت.

**ماددەی (٧):**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوەو ڕێنمای کشتوکاڵی بە هەماهەنگی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بە دوا داچوون لە وەزارەت هەڵدەستێت بە:

١- دانانی بەرنامەی خولەکانی شیاندن بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی بۆ ڕاهێنانی سەرپەرشتیاران، و دیاریکردنی وانە بێژەکانی خولەکان لە سەرجەم پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان.

٢- هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا و ماستەر و دبلۆمی باڵا و بکالۆریۆس کە میلاکی وەزارەتن وەک ڕاهێنەر دیاری بکرێن وە بۆ پسپۆری دەگمەن سوود لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وەربگیرێت وەهەروەها سوود لە سەرپەرشتیاری بە ئەزموون کە سەرپەرشتی پرۆژەیان کردووە وەربگیرێت.

٣- سەرپەشتیار لە کۆتایی خولی شیاندن تاقیکردنەوەی زارەکی و نوسین ئەنجام دەدات وە بەشداربوانی سەرکەوتوو لە خولەکان بڕوانامەو مافی سەرپەرشتیاریان پێ دەدرێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندیدار ئەوەی سەرکەوتوو نەبێت پێویستە دووبارە بەشداری خولەکان بکاتەوە و لە جاری دووەم ئەگەر سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا لە مافی سەرپەرشتیاری بێبەش دەکرێت تا ماوەی (١) یەک ساڵ و ئینجا دەتوانێت بەشداری خولەکانی شیاندن بکات.

**ماددەی (٨):**

١- پۆلێن کردن و جۆرو قەبارەی پرۆژەکان و ژمارەی سەرپەرشتیار بەشێوەیەکی گشتی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :

## أ- پرۆژەکانی سامانی ئاژەڵی:

| ژ | جۆری پرۆژەکان | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێی پسپۆری بۆ پرۆژەکان |
|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی پەلەوەری گۆشت/کە توانای پرۆژەکە لە (٦٠٠٠– ١٥٠٠٠) پەلەوەر بێت. | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ٢ | پەلەوەری بەرهەمهێنانی هێلکەی خواردن | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٣ | پەلەوەری بەرهەمهێنان هێلکەی تروکاندن | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٤ | دایکانەی بەرهەم هێنانی مریشکی هێلکەی خواردن | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٥ | دایکانەی بەرهەم هێنانی مریشکی هێلکەی تروکاندن | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٦ | پەلەوەری ئەژداد | لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٧ | پرۆژەی جوجک هەڵهێنەر | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٨ | پرۆژەی کارگەی ئالیك (پەلەوەری ، ئاژەڵی ، ماسی) | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٩ | پرۆژەی سەربڕخانەی پەلەوەری | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت بۆ هەر شەفتێکی کارکردن. |
| ١٠ | پرۆژەی سەربڕخانەی ئاژەڵی | لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١١ | پرۆژەی تەواوکاری پەلەوەری (متكامل) | لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٢ | پرۆژەی قەڵەوکردنی گۆلك<br>• پرۆژەی بچووك<br>• پرۆژەی مام ناوەند | ------------------<br>• یەك سەرپەرشتیار<br>• یەک سەر پەرشتیار |
| ١٣ | مانگای شیر | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٤ | پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕو بزن | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١٥ | پرۆژەی بەخێوکردنی کارو بەرخ | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١٦ | پرۆژەی تەواوکاری ئاژەڵی (متكامل) | لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٧ | پرۆژەی حەوزی ماسی گڵ | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١٨ | پرۆژەی حەوزی ماسی قەفەس | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٩ | پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی لە حەوزی کۆنکریت | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٢٠ | پرۆژەی حەوزی ماسی داخراو | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٢١ | پرۆژەی هەڵهێنەری ماسی | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٢٢ | پرۆژی تەواوکاری ماسی | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |

ب- **پرۆژەی کارگەکانی پیشەسازی خۆراک:**

| ژ | کارگەکانی پیشەسازی خۆراك | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێ ی پسپۆری |
|---|---|---|
| ١ | کارگەی شیرو بەرهەمەکانی | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٢ | کارگەی گۆشت و بەروو بوومەکانی | لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٣ | کارگەی ئاوی میوە (معمل عًصیر) ، و ڕووبەهەنار | لایەنی کەم یەك سەر پەرشتیاری دەبێت. |
| ٤ | کارگەی شیرینی و هەویرکاری | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ٥ | کارگەی چپسی پەتاتە | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٦ | کارگەی زەیتی زەیتوون ، زەیتی گوڵە بەڕۆژە | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٧ | کارگەی ترشیات و مخللات | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ٨ | کارگەی وشکردنەوەی میوەجات | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبیت. |
| ٩ | کارگەی دۆشاوی تەماتە | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٠ | کارگەی دروست کردنی پاستا | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١١ | کارگەی لە قوتوونان | لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١٢ | کۆگای ساردکەرەوە<br>تاکو (٥) کۆگا / لە چەند ناوچەیەکی جیاواز.<br>وە بۆ (١٠) کۆگا لە هەمان ناوچە. | --------------------<br>لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٣ | کارگەکانی بەروبوومی دانەوێڵە<br>کارگەی گەورە<br>کارگەی بچووك | ----------------------<br>لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت.<br>لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١٤ | کارگەی تۆو پاك کەرەوە | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ١٥ | کارگەی چەرەزات | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ١٦ | کارگەی ایس کریم | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |

ج- **پرۆژەی هەنگەلان:**

| ژ | هەنگەلان | پورەو ژمارەکەی | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێ ی پسپۆری |
|---|---|---|---|
| ١ | هەنگ | لە (٥٠-٩٩) پورە هەنگ | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بۆ دوو پرۆژە. |
| ٢ | هەنگ | لە (١٠٠) پورە زیاتر بێت | لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت. |

د- **پرۆژەکانی باخداری:**

| ژ | پرۆژەکانی باخداری | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێ ی پسپۆری |
|---|---|---|
| ١ | پرۆژەی خانووی پلاستیکی(نایلۆن). | تا (٢٥) خانووی پلاستیکی نایلۆن لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ٢ | هایدرۆ پۆنیک- مەڵتی سپان. | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٣ | پرۆژەی نەمامگەکان | لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیار بێت، بۆ هەر نەمامگەیەک. |
| ٤ | بۆ سێ باخی مۆڵەتدار | لایەنی کەم یەک سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| 5 | پرۆژەی قارچک | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |

**و- نوسینگەو کۆمپانیاکانی کشتوکاڵی:**

| ژ | ناوەکان | جۆرەکەی | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێی پسپۆری |
|---|---|---|---|
| ١ | نووسینگەی کشتوکاڵی | فرۆشتنی پەین و قرکەر و کەرەستەی کشتوکاڵی | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت. |
| ٢ | نووسینگەی کشتوکاڵی | فرۆشتنی کەل وپەلی کێڵگەکانی سامانی ئاژەڵ و جوجکەو پێداویستی کێلگەی و ماددەی ئالیکی | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت. |
| ٣ | کۆمپانیای کشتوکاڵی | بەپێی پسپۆری | لایەنی کەم یەك سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکەی لە بکالۆریۆس کەمتر نەبێت بۆ هەر کۆمپانیایەک. |

**ی- پڕۆژەکانی وەبەرهێنان:**

| ژ | پڕۆژە | جۆرو قەبارە | ژمارەی سەرپەرشتیاری پێویست بەپێ ی پسپۆری |
|---|---|---|---|
| ١ | پڕۆژەی وەبەرهێنان | بەپێی قەبارەو جۆری پڕۆژەکان | لایەنی کەم دوو سەرپەرشتیاری دەبێت بڕوانامەکانیان لەبکالۆریۆس کەمتر نەبێت |

٢- دەبێت هەر پڕۆژەیەکی سامانی ئاژەڵ کە دوو سەرپەرشتیاری بۆ دیاری کراوە لە خاڵی(١)یەکی ماددەی(٨) هەشت دەبێت سەرپەرشتیاری هونەری و تەندروستی هەبێت.

٣- نابێت سەرپەرشتیار لە یەک پڕۆژە زیاتر سەرپەرشتی بکات، جگە لە هەنگەڵان وباخداری نەبێت یان بۆ هەر پڕۆژەیەکی تر کە بە ڕەزامەندی وەزیر بێت.

**ماددەی (٩):**

ئەرکی سەر پەرشتیاری کشتوکاڵی (هونەری) و ڤێتێرنەری لە پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵی:

١- سەرپەرشتیاری کشتوکاڵی هونەری/ ئەرکی سەر پەرشتی کردن و ڕێکخستنی ژینگەی بەرهەم هێنان و چاودێری کردنی جۆرو پێکهاتەی ئالیکی وئیدارەدانی پڕۆژەکە لە ڕووی کارگێری وهونەری و پاک و خاوێنی تاکو بەرهەم هێنان بە شێوەیەکی تەندروست و کواڵتی بەرز بێت وە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە پڕۆژەکە لە رووی هونەری .

٢- سەرپەرشتیاری ڤێتێرنەری/ ئەرکی سەرپەرشتیار بەرپرسیارە لە سەرپەرشتی کردنی پڕۆژەکانی سامانی ئاژەڵ لە رووی بەرنامەی ڤاکسین کردن و پلانی پاراستنی پڕۆژەکە لە نەخۆشی وچارەسەر کردنی پێویست بۆ پڕۆژەکە، وە پاراستنی سیستەمی بایۆسکیورتی پڕۆژەکە، وە بەرهەم هێنانی بەرهەمێکی تەندروست و سەلامەت بە کوالێتی بەرز لە پڕۆژەکە، وە بەرپرسە لە سەرجەم مەرجە ڤێتێرنەریەکان لە پڕۆژەکەدا، وە ئامادەکردنی ڕاپۆرتی تایبەت بە پڕۆژەکە لە رووی ڤێتێرنەری.

**ماددەی (١٠):**

ئەو پڕۆژەو سەربڕخانانەی کە نوێنەری وەزارەتمان سەرپەرشتی و چاودێری بەرهەم و جۆری بەرهەم و تەندروستی بەرهەمەکان دەکات وەکو نوێنەری وەزارەتمان ئەوا وەک خۆی دەمێنێتەوە.

**ماددەی (١١):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە : ٣٢٠٤ لە ٢٠٢٢/٥/١٥**

پاڵپشت بە ماددەی (٤٣) لە یاسای تەندروستی دەروونی لە هەرێمی کوردستان -عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٣، وە بڕگەی دووەم لە ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد -:

**ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە نەخۆشخانەی دەروونی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

**یەکەم:** حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بەسەر سەرجەم نەخۆشخانە دەروونییە درێژخایەنەکان لە کەرتی گشتی جێبەجێ دەکرێت .

**دووەم:** وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی تەواوی نەخۆشخانە دەروونییەکان دەکات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی.

**ماددەی (٢):**

تەواوی نەخۆشخانەی دەروونی درێژخایەن لە پارێزگاکان بە "**نەخۆشخانەی چرا**" ناو دەنرێن.

**ماددەی (٣):**

نەخۆشخانەی دەروونی بۆ ئەو حالەتە دەروونییە سەختە درێژخایەنانە بەکاردێت کە جێگای مەترسین بۆ خۆیان و دەوروبەر و کۆمەڵگە ، یان ئەو نەخۆشانەی کە چارەسەرکردنیان قورسە یان ئەستەمە کە لە ماڵەوە چارەسەر بکرێن ، تا ئەو کاتەی ڕەوشیان جێگیر دەبێت و دەگەڕێندرێنەوە نێو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ژیان بە شێوازێکی ئاسایی بەسەر ببات.

**ماددەی (٤):**

ئەم نەخۆشانەی خوارەوە بۆیان هەیە لەم نەخۆشخانەی دەروونی سوودمەند ببن:

أ- شیزۆفرینا.

ب- دوو جەمسەر (Manic episode).

ت- خەمۆکی دیوانەیی.

**ماددەی (٥):**

**یەکەم:** نەخۆش بەم شێوازانەی خوارەوە لە نەخۆشخانە وەردەگیرێت:

أ- خەواندنی نەخۆش تەنها لە ڕێگای لیژنەی پزیشکی دەروونی بەرایی لە بەرێوەبەرایەتی لیژنەی پزیشکی دەبێت.

ب- ڕەوانەکردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەی دەروونی بە مەبەستی داڵدەدانی تەنها لە ڕێگەی لیژنەی پزیشکی دەروونی بەرایی دەبێت.

ت- دادگاکانی هەرێمی کوردستان پاش سەلماندنی بوونی نەخۆشی دەروونی هاتوو لە ماددەی (٤) ی ئەم ڕێنمـاییە لە رێـگەی لیـژنەی پزیشـکی دەروونـی بەرایـی بۆیـان هەیە کەیـس ڕەوانەی نەخۆشخانەی دەروونی بکەن . هەروەها بنکەکانی پۆلیسیش بە هەمان میکانیزم کەیس ڕەوانە دەکەن.

پ- هاوولاتیانیش دەتوانن داواکاری پێشکەش بە لیژنەی پزیشکی دەروونی بکەن بۆ وەرگرتنی نەخۆش لە نەخۆشخانە.

**دووەم:** لە سەرجەم بارەکانی هاتوو لە برگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ، بەڵێننامەی پێویست لە کەسوکاری نەخۆش وەردەگیرێت بۆ ئەوەی دوای چارەسەرکردنی نەخۆش وەربگرنەوە.

**ماددەی (٦):**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کەیسی دەروونی دەنێرێت بۆ نەخۆشخانە بە مەبەستی وەرگرتنی ڕێنمویی پێویست ، وە ئەگەر پێویستی کرد بۆ ماوەیەك کە زیاتر نەبێت لە (٥) پێنج رۆژ لە نەخۆشخانە دەهێلدرێتەوە ، بە ڕەچاوکردنی برگەی سێیەمی ماددەی (١٠)ی ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٧):**

هەر نەخۆشخانەیەك وەکو بەڕێوەبەرایەتی دەناسرێت کە فەرمانبەرێکی پزیشکی دەروونی بە پلەی بەڕێوەبەر سەرپەرشتی راستەوخۆی دەکات ، لە لایەن وەزیری تەندروستی دیاری دەکرێت لەسەر پێشنیازی بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی پارێزگا .

**ماددەی (٨):**

پێکهاتەی کارگێری نەخۆشخانە:

**یەکەم:**نەخۆشخانە لە دوو یەکەی سەرەکی پێکدێت:

أ- یەکەی ڕێنمویی

ب- یەکەی چارەسەری .

**دووەم:** سەرجەم ستافی یەکەی چارەسەری لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەستنیشان دەکرێن ، وەکارمەندانی یەکەی ڕێنمویی سەر بە میلاکی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەبن و لە لایەن وەزارەتەوەدەستنیشان دەکرێن.

**ماددەی (٩):**

لیژنەی ەکی تایبەت لە نەخۆشخانە بە سەرۆکایەتی پزیشکی پسپۆڕی دەروونی و ئەندامیەتی هەر یەکە لە توێژەرێکی دەروونی و توێژەرێکی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنرێت ، لیژنە بەرپرس دەبێت لە وەرگرتنی نەخۆش و کۆتایی ماوەی مانەوەی نەخۆش و ڕەوانە کردنی کەیس بۆ دووبارە پشکنینەوەی لە لایەن لیژنەی پزیشکی دەروونی بە مەبەستی کۆتایی ماوەی مانەوەی لە نەخۆشخانە یاخود درێژکردنەوەی.

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم:** کەیسی دەروونی ماڵەکانی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراو و چاکسازییەکانی ژنان و خانەی بەساڵاچووان و خانەی منداڵان بە شێوازێکی راستەوخۆ لەکاتی پێویست پاڵپشت بە حوکمەکانی هاتوو لە ماددەی (٤ و ٦ )ی ئەم رێنماییە لە نەخۆشخانە وەردەگیرێن .

**دووەم:** مانەوەی کەیسەکانی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لە لایەن لیژنەی تایبەتی نەخۆشخانە بڕیاری لەسەر دەدرێت بە بێ ئەوەی بۆ لیژنەی دەروونی بەرایی بگەڕێتەوە.

**سێیەم:** فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسیار دەبن لە وەرگرتنەوەی کەیسەکان دوای کۆتایی هاتنی ماوەی چارەسەری و مانەوە لە نەخۆشخانە .وە ئەگەر بێلانە بوون رێوشوێنی پێویستیان بۆ دەگرێتە بەر بە مەبەستی دابینکردنی شوێن بۆیان.

**ماددەی (١١):**

**یەکەم:** لە نەخۆشخانە چەندین خزمەتگوزاری پزیشکی و دەروونی و کۆمەڵایەتی لە لایەن پسپۆڕی تایبەت بەم بوارانە پێشکەش بە نەخۆش دەکرێن لەوانە:

أ- خزمەتگوزاری پزیشکی.

ب- پێدانی رێنمویی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

ت- دەرمان و پێداویستیەکان

پ- چێشتخانە کە لە لایەن ستافێکی تایبەتمەند خواردن پێشکەش بە نەخۆش دەکات.

ج- پاککردنەوەی بەردەوام.

ح- لۆندری بۆ شووشتنی جل و بەرگ و پێداویستی نووستن.

خ- ئارایشگا.

د- وە هەر خزمەتگوزاریەکی تر کە نەخۆشخانە بە پێویستی بزانێت.

**دووەم:** بۆ هەر (٥) پێنج نەخۆش چاودێرێك دەستنیشان دەکرێت کە سەرپەرشتی ڕەوشی نەخۆشەکان بکات . بەڵام بەڕێوەبەری نەخۆشخانە بۆی هەیە لەکاتی پێویستدا گۆڕانکاری بکات.

**ماددەی (١٢):**

هەردوو وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەماهەنگی پێویست دەکەن لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لە ڕووی ئابووری و بودجە و خزمەتگوزرایەکان.

**ماددەی (١٣):**

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**
**ژمارە: ٢٤٢٠ لە ٢٠٢٢/٥/٢٩**

پاڵپشت بە ماددەی (٦)بڕگەی (٢)ی یاسای وەزارەتی بازرگانی وپشەسازی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ لە پێناو ڕێکخستن و پاراستنی دادپەروەری لە گەیاندنی بەشە خۆراکەکان ونەفەوتانی مافەکانیان لە سەبەتەی خۆراك ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**تایبەت بە بەخشینی بریکاری بەشە خۆراک و ئارد**
**بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان**

**ماددەی (١): پێناسە**

**وەزارەت**: وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی .

**وەزیر** : وەزیری بازرگانی و پیشەسازی هەرێم .

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی** : لایەنی تایبەتمەند (پەیوەندیدار) .

**ماددەی (٢): مەرجەکانی پێویست بۆ بەخشینی بریکاری ئارد وخۆراك :-**

١- تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت و توانای بەڕێوەبردنی بریکاری هەبێت .
٢- دانیشتووی هەرێمی کوردستان و هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت .
٣- نابێت بریکار هیچ وەزیفەیەکی حکومی هەبێت ، پێویستە بەڵێننامەیەك بدات لە دادنووس .
٤- پێویستە بریکار خوێندەواریەکی باشی هەبێت .
٥- داواکار جێنشینی ئەو گەڕەکە بێت ، پشگیری لایەنی پەیوەندیدار یاخود زانیاری لەگەڵ پیشکەش بکات .

**ماددەی (٣): بەڵگەنامەی پێویست بۆ بەخشینی بریکاری ئارد و خۆراك :-**

١- کارتی نیشتیمانی یاخود (ناسنامەی شارستانی و ڕەگەزنامە) .
٢- کارتی زانیاری + وێنەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ .
٣- گرێبەستی دوکان یان تاپۆی دوکان ئەو شوێنانەی کەتاپۆیان نیە پێویستە گرێبەستی نووسینگەو پشگیری مختار لەگەڵ پسوولەی کارەبا بهێنێت .
٤- بریکار پێویستە پشگیری باجی دەرامەت بهێنێت .

**ماددەی (٤): پابەندیەکانی بریکاری ئارد و خۆراك :-**

١- پێویستە بریکار خۆی یان کەسێکی نزیکی تر تخویل بکات بەپێی بریکارنامەی تایبەت هەر کەم وکوریەك هەبێت لە کارەکەی بریکار خۆی لێی بەرپرسە .
٢- هەر بریکارێك کەمتر لە (١٠٠) کەسی لابێت بریکاریەکەی هەڵدەپەسێردرێت (حجب) دەکرێت لەناو شارو شارۆچکەکان جگە لەو شوێنانەی پێویستن .
٣- لەکاتی دابەش کردنی خۆراك یان ئارد پێویستە بەردەوام دووکانەکەی کراوە بێت بەپێی وەرزەکان کاتەکەی دیاری دەکرێت .
٤- گواستنەوەی بریکاری لە بنکەیەك بۆ بنکەیەکی تر ناکرێت بەهیچ شێوەیەك .

٥- بریكار بەرپرسە لە پاراستنی بەشە خۆراك یا ئارد تاكو دەگاتە دەستی هاووڵاتی .
٦- نابێت هیچ بریكارێك شوێنی خۆی بگۆڕێت لە كاتی گۆڕینی شوێن پێویستە ڕەزامەندی پێشەكی بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی كەل وپەلی خۆراك یان بەڕێوەبەرایەتی دروستكراوی دانەوێڵەی هەبێت
٧- هەر هاووڵاتیەك دوو بەشە خۆراكی خۆی نەبات لای بریكاری خۆراك پێویستە بریكار ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی كەل وپەلی خۆراك بكات بەپێچەوانەوە بریكار بەرپرسیار دەبێت .
٨- هەر هاووڵاتیەك دوو بەشە ئاردی خۆی نەبات لای بریكاری ئارد پێویستە بریكار ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی دروستكراوی دانەوێڵە بكات بەپێچەوانەوە بریكار بەرپرسیار دەبێت .

**ماددەی (٥): مەرجەكانی دوكانی بریكاری لەكاتی بەخشینی بریكاری:-**

١- ڕووبەری دوكانی بریكاری ئارد (٣٠ م٢) دووجا كە متر نەبێت.
٢- ڕووبەری دوكانی بریكاری خۆراك (٢٥ م٢) دووجا كەمتر نەبێت.
٣- دیواری لبغ یان گەچ كرابێت وە سەقفی كۆنكریت بێت یان سەندویچ پەنەڵ بێت.
٤- باگۆركێ(هەواكێش) وفێنك كەرەوە لە دووكانە كەیدا هەبێت وە پێداویستی لەناوبردنی قرتێنەرەكانی هەبێت لە دوكانەكەی .
٥- نابێت دیواری دوكانەكە شێدار بێت یاخود لەوەرزی زستان ئاو بچێتە ژوورە پێویستە چارەسەری ئەو گرفتانە بكرێت .
٦- بریكار پێویستە لە دوكانەكەی تابلۆیەك هەڵواسێت ناوی بریكارو ژمارەی مۆبایلی خۆی و ژمارەی بنكەی لێ نووسرابێت لەگەڵ ژمارەی مۆبایلی لیژنەی سكاڵا نابێت هیچ كات ئەو ژمارە تەلەفۆنانە داخراو بێت.

**ماددەی (٦): ڕێكارەكانی بەخشینی بریكاری ئارد و خۆراك :-**

١- بۆ بەخشینی بریكاری ئارد وخۆراك بەپێی پلانی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی دەبێت ، وە وێنەیەك لە پلانەكە دەدرێتە پارێزگاكان و بەرێوەبەرایەتیەكان رێكاری داواكاری بەخشینی بریكاری بەم شێوەی خوارەوەیە :-
أ- پێویستە داواكاری لەرێگای پارێزگاكان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی بكرێت .
ب- لیژنەی هاوبەشی كەشفی موقعی ئەنجام دەدرێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی (بەئەندامیەتی بەڕێوەبەرایەتی رێكخستنی پسوولەی خۆراك و بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی كەل وپەلی خۆراك و بەڕێوەبەرایەتی دروستكراوی دانەوێڵە).
ج- دوای ئەنجام دانی كەشفی موقعی ، لەلایەن لیژنەكە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی دەكرێت بۆ ئەنجامدانی ڕێكارە كارگێریەكان .
٢- دوای تەواو بوونی گشت ڕێكارە كارگێریەكان بەپێی ڕێنماییەكانی وەزارەتی بازرگانی عێراقی فیدراڵ / فەرمانگەی پلان و بەدواداچوون ژمارە (٩١١٧ لە ٢٠١٦/٤/٢٥) بڕی رسوماتی بەخشینی بریكاری لێ وەردەگیرێت لە بەڕێوەبەرایەتی رێكخستنی پسوولەی خۆراك وەدواترفەرمانی كارگێری بەخشینی بریكاری و گشت بەراییەكان ئاڕاستەی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ( كەل وپەلی خۆراك و دروستكراوی دانەوێڵە ) دەكەن وە ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی دەكرێت بۆ بەدواداچوون .

**ماددەی (٧): گۆرینی ناوی بریکاری ئارد و خۆراك :-**

گۆڕینی ناوی بریکاری ئارد و خۆراك ئەنجام دەدرێت :-

١- لە کاتی مردنی بریکار دەدرێتە یەك لەئەندامانی خێزان بەپێی قەسام شرعی کە بەڕێوەبەری فەرمانگەکە دیاری دەکات بەپێی شیاوی کەسەکە و ڕێنماییەکان .

٢- گۆڕینی بریکاری ئارد و خۆراك لە ناوێکەوە بۆ ناوێکی تر ئەنجام دەدرێت بەمەرجی ڕەزامەندی هەردوو لا ،بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی دەسەڵاتی هەیە بە گۆرینی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە و هەموارکردنی بەپێی پێویستی کار و بەرژەوەندی گشتی .

**ماددەی (٨): سزاو سەرپێچیەکان :-**

هەر بریکارێك پابەندی ئەم بڕگانەی نەبێت سزا دەدرێت بەم شێوەی لای خوارەوە :

١- ئەو خۆراکانەی کە بریکار وەری دەگرێت پێویستە هەر ئەو خۆراکە دابەش بکات و نەیگۆرێت بەبراندێکی  تر بەپێچەوانەوە سزا دەدرێت بەم شێوەیە :

أ- بۆ یەکەم جار بەڵێننامەی لێ وەردەگیرێت کە سەرپێچی دووبارە نەکاتەوە .

ب- بۆ جاری سێیەم بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچی سزای دەدرێت بەراگرتنی بریکاریەکەی لە (١) مانگ بۆ (٣)  مانگ.

ج- بریکار هەر بەردەوام بوو لەسەر سەرپێچی بریکاریەکەی هەڵدەوشێتەوە .

د- بەخشینی بریکاری ئارد وخۆراك لە دەسەلاتی بەرێوەبەرایەتی گشتی بازرگانیە .

هـ- هەڵوەشاندنەوەو گۆرینی ناوی بریکاری لەدەسەڵاتی بەرێوەبەری ڕێکخستنی پسوولەی خۆراکە .

و- گۆرینی شوێنی بریکاری لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری دروستکراوی دانەوێڵە و بەڕێوەبەری بازرگانی کەل و پەلی خۆراکە .

٢- هەر بریکارێك پابەندی بڕگەو ماددەکانی ئەم ڕێنماییە نەبێت ، بریکاریەکەی هەڵدەوەشێتەوە. بە پێچەوانەوە (١) مانگ تاکو(٣) مانگ بریکاریەکەی ڕادەگیرێت خێزانەکان دەدرێتە نزیکترین بریکار لەو شوێنە ، ئەگەر هەر بەردەوام بێت لە سەرپێچیەکەی بریکاریەکەی هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٩):**

ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان).

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**هۆکاری دەچوونی**

لە پێناو بەرژەوەندی هاووڵاتیان و وەرگرتنی بەشە خۆراك و ئارد بەشێوەیەکی رێك و پێوانەیی وە رێکخستنی کاری بریکارەکان و دیاری کردنی رێکارەکانی بریکاری و چاودێری کردنی کارەکانیان ئەم رێنمایانەمان دەرکرد .

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە: ١٠٣١٧ لە ٢٠٢٢/٥/١٧**

پاڵپشت بە بڕگەی (١) لە ماددەی (دووەم) لە یاسایی وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموار کراو، ئەم ڕێنماییە خوارەوەمان دەرکرد ، ڕێنمایی بەکرێدان و دابەش کردنی داهاتی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە.

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**تایبەت بە کرێدان و دابەشکردنی داهاتی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە**

**ئامانج لە بەکرێدانی فرۆشگەکان**

دابینکردنی خواردن و خواردنەوەی پاک و تەندروست و پێداویستیەکانی قوتابیان بەپێی مەرجە تەندروستییەکان و پاک ڕاگرتنی ژینگە و فەراهەم کردنی کەشێکی ئاسوودە و ئارام بۆ قوتابیان و خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن.

**ماددەی (١):**

ساڵانە لیژنەیەک لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە بە ناوی (لیژنەی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردن وبەدواداچوون و چاودێری کردنی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن) کە لە پێنج ئەندام پێک دێت لەلایەن وەزیری پەروەردە دیاری دەکرێن ، بەو مەرجەی ئەندامی (ژمێریاری و یاسایی) تێدا بێت . ئەم لیژنەیە ساڵانە پێداچونەوە بەم ڕێنماییە دەکات و پێشنیاری هەموارکردنی حوکمەکانی پێشکەش دەکات بەپێی پێویست .

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** لەسەر ئاستی هەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی پەروەردە لیژنەیەکی سەرەکی پێک دێت لە (٥) پێنج ئەندام بۆ سەرپەرشتی کردن و بەدواداچوونی فرۆشگەکان کە پێکبێت لە :-

١- سەرۆکی لیژنە کە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگاکان دەست نیشان دەکرێت.

٢- فەرمانبەرێک لە کارگێڕی .

٣ - فەرمانبەرێک .

٤- ژمێریاری .

٥- یاسایی .

**دووەم:** ئەرک و دەسەڵاتەکانی لیژنەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان بریتین لە:

١- سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن و ڕێکخستنی ئیش و کارەکانیان وچۆنیەتی بەڕێوەبردن و چاودێری کردنی ئاستی نرخی کەل وپەلی فرۆشگەکان بەشێوەیەک گونجاو بێ و بەرزتر نەبێت لە نرخی بازار .

٢- دیـار کردنـی جۆرەکـانی کەلـوپەلی فرۆشـتن لە فرۆشـگەکان کە لەگەڵ مەرجە تەندروسـتییەکان بگـونجێن ، بەهەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی تەندروسـتی لە پارێزگـا / لیـژنەی تەندروستی قوتابخانەکان .

٣- سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی کاروباری دارایی لە داهاتی فرۆشگەکان بەپێی ڕێنماییەکان.

٤- بەدواداچوونی ئیش و کاری لیژنەی لقی پەروەردەی قەزاکان و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و هاوکـاری کردنیـان و وەرگرتنـی ڕاپۆرتیـان ، لەکـاتی بـوونی کەمتەرخەمـی لە لیـژنە لقییەکـان لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێت و پێشنیاری سزادانیان بکات بەپێی یاسای بەرزەفتـی فەرمـانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو .

٥- سـەرجەم داهـاتی فرۆشـگەی ئەو ناوەنـدانەی خوێنـدن کە بە کرێـدراون بە ڕێـژەی (١٠٠%) لە پەروەردەی سـەرجەم قەزاکـان وەربگرێـت کۆیـان بکـاتەوە بەپێـی خشـتەکانی ژمـارە( ١ و ٢ )ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە . دواتر بەم شێوەی خوارەوە دابەشی دەکات :

أ- ڕێـژەی (٨٣%) داهـاتەکە دابەش بکرێـت بەسـەر بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکـان بـۆ ئەوەی دابەشـی بـکەنەوە بەسـەر سـەرجەم ناوەنـدەکانی خوێنـدن بەپێـی ژمـارەی قوتابیـانی هەر پەروەدەیەک بەپێی خشتەی ژمارە ( ٤ ) ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە .

ب- ڕێژەی (٣%) لە داهاتی پەروەردەی پارێزگاکان و پەیمانگاکان وەردەگیرێت بۆ چالاکی وەرزشی و هونەری لەسەر ئاستی وەزارەت و پارەکە دەخرێتە سەر ئەژمارێکی بانکی لە دیـوانی وەزارەت و بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ڕێنماییە بەرکارەکان خەرج دەکرێت.

ج- ڕێژەی (١٤٪) بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بکرێت بەپێی خشتەی ژمارە ( ٣ )ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە:

• (١٥%) تەرخان بکرێ بۆ خولی پەرەپێدان بەپێی (دەرخستە) دوای ڕەزامەندی وەزارەتی پەروەردە بە مەرجێک خولەکان بۆ سەرپەرشتیاران و مامۆستایان و فەرمـانبەرانی گشـت پەروەردەی قەزاکـان بێـت و ئەو بـڕە پـارەش لە بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەی پارێزگاکـان دەبێـت بـۆ مەبەسـتی خەرجکردنی لەو بوارە و پێویستە لە ئەژمارێکی بانکی لە یەک لە بـانکە حکومیەکـان دابنـدرێت و بە فەرمانێکی کارگێڕی خەرج دەکرێت .

• (٤٠%) بـۆ بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکـان تەرخـان دەکرێـت بەپێـی ژمـارەی قوتابیـان لە سـنووری پەروەردەکە و ئەو پەروەردانەی ژمـارەی قوتابیـان زیـاترە ڕێـژەی زیاترییـان لە داهـات بەر دەکەوێـت ئەویـش بـۆ خەرجـی پێداویسـتییە هەنـووکەیی و گرنگیەکـان و گرنگـی زیـاتر بـدرێت بە نۆژەنکردنەوەی ناوەندەکانی خوێنـدن پێویسـتە لە ئەژمـارێکی بـانکی لە یەک لە بـانکە حکومیەکـان دابندرێت , وە بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی دارایی و ئابوری و ڕێنماییە بەرکارەکان خەرج دەکرێـت و لە کاتی خەرجکردنی پێویستە فەرمانی کارگێڕی خەرجکردنی بۆ دەربچێت.

• (٤٢%) بـۆ پێداویسـتییە گرنـگ و لەناکاوەکـانی بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی پەروەردەکـان تەرخـان دەکرێت و پێویستە لە ئەژمارێکی بانکی لە یەک لە بانکە حکومیەکـان دابنـدرێت بەو نـاوە و بەپێـی ڕێنمایی دارایی و ڕێنمـاییە بەرکارەکـان خەرج دەکرێـت و لە کـاتی خەرجکردنـی پێویسـتە فەرمـانی کارگێڕی خەرجکردنی بۆ دەربچێت .

● (٣%) تەرخان دەکرێت بۆ پەروەردەی تایبەت .

٦- لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان پێویستە خشتەکانی ژمارە (١و ٢ و ٣ و ٤ و ٥ ) کە هاوپێچی ڕێنماییەکەیە بەتۆمارکردنی زانیارییەکان ڕەوانەی وەزارەتی پەروەردە / لیژنەی باڵای فرۆشگەکان بکرێت.

**ماددەی (٣):**

**یەکەم:** بەکرێدانی هەر فرۆشگەیەک بە شێوەی زیادکردنی ئاشکرا ( المزایدةالعلنیه) بە زیاتر لە ( ٧٠ % ) بەهای خەملێنراو دەست پێدەکات و پێشتر ئاگاداری بۆ بکرێ لە پەروەردەکان وناوەندەکانی خوێندن و ڕاگەیاندنەکان لە سنووری جوگرافی خۆیان بۆ ماوەی(١٥) ڕۆژ پێش ڕێکەوتی بەکرێدانی ، ئەگەر دوای ڕاگەیاندنی جاری یەکەم فرۆشگەکە بەکرێ نەدرا پێویستە بەشێوازی هەرەوەزی بەڕێوەبچێت وە دەستەی کارگێڕی مامۆستایان و کارمەندانی ناوەندی خوێندن بۆیان نییە فرۆشگە بەکرێ بگرن یان ببن بە هاوبەش .

**دووەم:** پێویستە هەرناوەندێکی خوێندن لیژنەیەک پێک بهێنن بەناوی (لیژنەی سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی فرۆشگەی ناوەندی خوێندن) کەپێک هاتبێت لە(یاریدەدەری بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن و دوو ئەندامی تر ئەگەر توێژەری کۆمەڵایەتی هەبێت یەکێک بێ لەئەندامەکانی لیژنە) بۆ مەبەستی سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی فرۆشگەی (قوتابخانە و خوێندنگە) دوای بەکرێدانی و چاودێریکردنی و خەرجکردنی داهاتی فرۆشگەکە بەپێی ڕێنمایی و بەدواداچوونی ڕۆژانە بۆ فرۆشگەکە بکات و ساڵانەش ئەم لیژنەیە دەبێت گۆڕانکاری لە ئەندامەکانییان بکرێت ، و وێنەیەک لە پێکهاتەی ئەم لیژنەیە دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان.

**سێیەم:** لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەر قەزایەک دوو لیژنە پێک دێت بەسەر پەرشتی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا بەم شێوەی خوارەوە :

١- **لیژنەی یەکەم**: (لیژنەی پۆلێنکردن و خەملاندنی نرخی بەکرێدانی فرۆشگە) کە پێکدێت لە :-

| | |
|---|---|
| أ- فەرمانبەرێک | سەرۆکی لیژنە |
| ب- ف.ژمێریاری | ئەندام |
| ج- فەرمانبەرێک | ئەندام |

٢- **لیژنەی دووەم**: (لیژنەی بەکرێدان و سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن) کە پێکدێت لە:-

| | |
|---|---|
| أ- فەرمانبەرێک | سەرۆکی لیژنە |
| ب- ف. کارگێڕی | ئەندام |
| ج- ف.ژمێریاری | ئەندام |
| د- ف.پلاندانان | ئەندام |
| ه- یاسایی | ئەندام |

**چوارەم:** لە بەڕێوەبەرایەتی هەر پەیمانگەیەک یان ئەو پەیمانگەیانەی کە یەکەی ژمێریاریان هەیە دوو لیـژنە پێـک دێـت بەسـەر پەرشـتی بەڕێـوەبەری پەیمـانگە کە یەکەی ژمێریـاری ، بەم شـێوەی خوارەوە:

**١- لیژنەی یەکەم**: (لیژنەی پۆلێنکردن و خەملاندنی نرخی بەکرێدانی فرۆشگە) کە پێکدێت لە :

| | |
|---|---|
| أ- یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگە یان لێپسراوی کارگێڕی پەیمانگە | سەرۆکی لیژنە |
| ب- سەرۆکی یەک لە بەشەکان | ئەندام |
| ج - فەرمانبەری ژمێریاری | ئەندام |

٢- **لیـژنەی دووەم**: (لیـژنەی بەکرێـدان و سەرپەرشـتیکردن و بەدواداچـوونی فرۆشـگەی پەیمـانگە) کەپێکدێت لە :

| | |
|---|---|
| أ- یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەیمانگە یان لێپسراوی کارگێڕی پەیمانگە | سەرۆکی لیژنە |
| ب- سەرۆکی یەک لە بەشەکان | ئەندام |
| ج- فەرمانبەری ژمێریاری | ئەندام |

**پێنجەم:** دەکرێت لە لیژنەی دووەمی پەروەردەی قەزاکان ژمارەی لیژنەکان زیادبکرێت بەپێی پێویستی پەروەردەی قەزاکە بەمەرجێک لیژنەکان بتوانێت لەسەرجەم بەکرێـدانی فرۆشـگەی ناوەنـدەکانی خوێنـدن ئامـادەبن لەکـاتی بەکرێـدان هەر لیـژنەیەک لەسـنوورێکی دیـاری کـراو لە چوارچێـوەی دەسەڵاتی پەروەردەی قەزاکان، و لیژنە زیادکراوەکانیش ئەرک ودەسەڵاتی هەمان لیژنەیان دەبێت وبەمەرجێک کاری هەر لیژنەیەک لەفرۆشگەی (١٠٠) سەد ناوەندی خوێندن کەمتر نەبێت.

**شەشەم** :لە بەر ئەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەڵەبجەی شـەهید پەروەردەی قەزای نیـیە لیژنەی پۆلێنکردن و خەملاندنی نرخی بەکرێدانی فرۆشگە پێک دێنێت وەک پەروەردەی قەزاکان بەڵام لیژنەی سەرەکییان هەمان کاری لیژنەی دووەمی پەروەردەی قەزاکان دەکات .

**حەوتەم:** نابێت ئەندامانی لیژنەکان لە خەملاندن و بە کرێدان دووبارە بوونەوەیان هەبێت.

**هەشتەم:** ئەرکـی لیـژنەی یەکەم بـریتیە لە : پـۆلێنکردن و خەملانـدنی نرخـی بەکرێـدانی فرۆشـگەی سـەرجەم ناوەنـدەکانی خوێنـدن لە سـنووری بەڕێـوەبەرایەتی پەروەردە ی قەزاکە و بـۆ هەر ناوەندێکی خوێندن دەبێـت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ بەڕێـوەبەرایەتی ئامـار لە پەروەردە دواتـر بە پـۆلینکراوی لەگەڵ خەملانـدنی نرخـی بەکرێـدانی هەر فرۆشـگەیەک ڕادەسـتی لیـژنەی دووەم دەکات وە بۆ پەیمانگەکان و بە هەمان شێوەیە.

**نۆیەم:** ئەرکی لیژنەی دووەم بریتیە لە :

١- بەکرێدانی سەرجەم فرۆشگەکانی سـنووری پەروەردەکەیـان و ئامادەبوونیـان لەکـاتی بەکرێـدانی فرۆشـگەکان و ئامــادەکردنی کۆنــووس و ڕێکارەکــانی زیــادکردنی ئاشـکرا (المزایــدە العلنــیە)

وچۆنیەتی بەکرێدانی فرۆشگەی هەر ناوەندێکی خوێندن بەجیا ، واتە بۆ هەر ناوەندێکی خوێندن لەکاتی بەکرێدان دەبێت کۆنووسێکی تایبەتی ئامادەبکرێت و لیژنەکە و بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندنەکە واژووی بکەن و وێنەیەک لە کۆنووسەکە لەلای ژمێریاری لیژنەی قەزا (ژمێریار) دەبێت وێنەیەکیش لای بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندنەکە دەبێت و وێنەیەکیش دەدرێت بە لیژنەی سەرەکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و بۆ پەیمانگەکان بە هەمان شێوەیە پێویستە وێنەیەک بدرێت بە لیژنەی باڵای وەزارەت.

٢- بۆ هەر بەشداربوویەک لە زیاد کردنەکە وەک نرخی بەشداربوون بڕێک پارە وەردەگیرێت بەپێی پسوولە ( ٣٨أ ) و کۆی ئەم پارانە دەخرێتە سەر پارەی بەدەست هاتوو لە کۆی پرۆسەی زیاد کردنەکە و بەهەمان شێوەی پەیڕەو کراو و بەپێی ڕێژەکان دابەش دەکرێتەوە و بڕی پارەی بەشداربووەکە بەپێی شوێنەکە دیاری کراوە کە بۆ ناوەندەکانی خوێندن و پەیمانگەکان بە ڕێژەی لە (١٠ %) ی گوژمەی خەمڵاندن وەربگیرێت بە مەرجێک لە (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت و لە (٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر بەشداربوویەک.

٣- دوای بەکرێدانی فرۆشگەکان سەرجەم داهاتەکان بەڕێژەی(١٠٠%) لە پەروەردەی قەزاکە کۆدەکرێتەوە و بە نووسراوێکی فەرمی و بە (CD ) بەپێی ڕێنماییەکان ڕادەستی لیژنەی سەرەکی تایبەت بە فرۆشگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە دەکرێت بەپێی خشتەی ژمارە ( ١ )ی هاوپێچی ئەم ڕێنماییە.

٤- لەکاتی بەکرێدانی فرۆشگە بەشێوەی زیاد کردنی ئاشکرا (المزایدة العلنیە) مەرج نییە لیژنە پابەند بێت بە بەرزترین نرخ ئەگەر هەست کرا ئەم بەکرێدانە لە بەرژەوەندی گشتی قوتابیان و خوێندکاران و پەروەردەیی نییە ، ئەمەش دوای بڕیاری لیژنەی فرۆشگەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی سەرەکی فرۆشگەکان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە دەبێت.

٥- لایەنی فەرمی بەرپرس نیە لە قەرەبوو کردنەوەی هیچ خاوەن فرۆشگەیەک لە ئەنجامی زەرەرمەند بوون بە هەر هۆکارێک و پێویستە ئەم بابەتە لە گرێبەست ئاماژەی پێ بکرێت.

٦- فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندنی کچان دەبێت ئافرەت بەڕێوەی ببات ، لەکاتی پابەند نەبوونیان بەم مەرجە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە و ڕاستەوخۆ گرێبەستەکەیان هەڵدەوەشێتەوە .

٧- کارمەندانی میری بە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ و پێشمەرگە وە نابێت فرۆشگەیان بەکرێ پێبدرێت ، بەپێچەوانەوە گرێبەستەکە هەڵدەوەشێتەوە و مافی وەرگرتنەوەی پارەکەی نابێت.

٨- بڕی(٥٠%) پارەی بەکرێدانی فرۆشگە لەکاتی بەکرێدانەکە وەربگیرێت و پارەی ماوە (٥٠%) لەکاتی ئەنجامدانی گرێبەستەکە بدرێت بەمەرجێک لە (١٠) دە ڕۆژ تێپەڕنەکات لە (١١ ) یازدەمین ڕۆژ بۆ هەر ڕۆژێکی دواکەوتن (٢٠ % ) ئەو بڕە پارەی ماوە لێی وەردەگیرێت ، وە ئەگەر دوای ( ٢٠ )

بیست ڕۆژەکە بڕە پارەی ماوە وەرنەگیرا ئەوا فرۆشگەکەی لێ وەردەگیرێتەوە و دەدرێتە خەڵکی تر و مافی وەرگرتنەوەی هیچ بڕە پارەیەکی نابێت و مافی بەشداری کردنیشی نامینێت و پارەکە وەردەگیرێت بەپێی پسوولەی ژمێریاری (٣٨أ).

٩- لەگەڵ بەکرێدانی فرۆشگە بڕی (٢٠%)ی نرخی بەکرێدانەکە وەک بارمتە(تأمینات) وەردەگیرێت لەو کەسەی کە فرۆشگەکەی بەکرێ گرتووە و تا کۆتایی ساڵی خوێندن بۆی ناگەڕێنرێتەوە، ئەمەش بۆ مەبەستی ئەوەی ئەگەر بەڵێندەرەکە کەمو کوڕی هەبوو چارەسەری نەکرد لەبڕی ئەو پارە لە بارمتەکە ببڕدرێ ، ئەگەر ئەو کەسەی کە زیاد کردنەکەی بۆ دەرچوو پابەند نەبوو یان پاشەکشەی کرد جیاوازی نێوان نرخەکان دەکەوێتە ئەستۆی و بڕی ئەو پارەیە دەخرێتە ئەژمارێکی بانکی تایبەت بەو ناوە لە یەک لە بانکە حکومییەکان ، لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان لە کاتی دانەوەی ئەو بارمتەیە بۆ خاوەن فرۆشگە لە کۆتایی ساڵی خوێندن پێویستە بەچەکێکی بانکی بەناوی خاوەن فرۆشگەکە بکرێت کە گرێبەستی ئەنجام داوە بە هەبوونی پشتگیری بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن و ڕەزامەندی لیژنەی پەروەردەی قەزاکە بڕی پارەکەی بۆ دەگەڕێتەوە بە مەرجێک دوای چۆلکردنی فرۆشگەی ناوەندی خوێندنەکە و هیچ کەل و پەلێکی لە ناو ناوەندی خوێندنەکە نەمێنێتەوە و بەڵێن بدات داوای هیچ قەرەبوویەک نەکاتەوە بە پێچەوانە بڕی بارمتەکەی بۆ ناگەڕێتەوە و بۆ ساڵانی داهاتوو ناوی دەچێتە لیستی ڕەشەوە کە لە هیچ ناوەندێکی خوێندن نەتوانێت بەشداری لە بەکرێگرتن بکات ، بەپێچەوانەوە بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن و لیژنەی پەروەردەی قەزا ڕێکاری یاساییان بەرامبەر دەگیرێتەبەر و هەمان ئەو ڕێکارە بۆ فرۆشگەی بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگاکان دەگیرێتە بەر .

١٠- دەسەڵات دەدرێت بە لیژنەی سەرەکی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان بۆ چارەسەرکردنی نرخی فرۆشگەکانی ئەو ناوەندانەی خوێندن کە (دمج- یەک دەگرن) و (شطر- جیادەبنەوە) و پێویستە ئاگاداری بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی قەزاکان بکرێتەوە کە یەک دەگرن و جیادەبنەوە لە (٧/١) دەست پێبکات و پێش بەکرێدانی فرۆشگەکان کۆتایی بێت.

١١- ڕێکارەکانی ژمێریاری و کۆگایی و ووردبینی لەسەر پسوولەکانی خەرجی ناوەندەکانی خوێندن و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەدەی پارێزگاکان جێبەجێ دەکرێت بەپێی ڕێنماییە کارپێکراوەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەگەڵ گرتنەبەری تۆمارەکانی ژمێرکاری تایبەتمەند ، بەپێچەوانەوە ڕێکاری یاسایی دەگیرێتەبەر .

١٢- دەسەڵات دەدرێت بە بەڕێوەبەری پەیمانگەکان بۆ واژوو کردنی گرێبەست , و پەسەندکردنی گرێبەستەکە لە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی لە پەروەردەی گشتی پارێزگاکان یان قەزاکان دەبێت بە پێی شوێنی جوگرافی لەبەر نەبوونی بەشی یاسایی لە پەیمانگەکان.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** پاداشتکردنی لیژنەی خەملاندنی نرخی بەکرێدانی فرۆشگە بە بڕی (٧٥٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار بۆ یەک جار لە ساڵێکدا و لە ڕێژەی (٤٠%) پەروەدەی قەزا خەرج دەکرێت.

**دووەم:** پاداشتکردنی لیژنەی بەکرێدانی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن بە بڕی (١٥٠٠٠٠) سەدو پەنجا هەزار دینار دوای بە کرێدانەکە بۆ یەک جار لە ساڵێکدا و لە ڕێژەی (٤٠%) پەروەدەی قەزا خەرج دەکرێت.

**سێیەم:** پاداشتکردنی لیژنەی سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن بە بڕی (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ یەک جار لە ساڵێکدا و لە ڕێژەی (٤٢%) بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا خەرج دەکرێت.

**ماددەی (٥):**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی لیژنەی سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن بریتیە لە :

**یەکەم:** لیژنەی ناوەندەکانی خوێندن پێویستە تۆماری تایبەت بگرێت (مسك السجلات) بە فرۆشگە ودەقاودەقکردنی مانگانەی (مطابقة شهرية) تۆمارە ژمێریارەکانی بکات.

**دووەم:** ئەو بڕە پارەیەی کە ناوەندەکانی خوێندن وەریدەگرن خەرج دەکرێت بۆ مەبەستی کەمو کوڕی و پێداویستی ناوەندەکانی خوێندن و ژینگە و چالاکی و هونەری و وەرزشی و پەرتووکخانە وتاقیگە و پێداویستییەکانی چاکردنەوەی ئاوەڕۆ و کارەبا و چاکردنەوەکانی تری و هاوکاری کردنی قوتابیانی کەم دەرامەت و کڕینی کارتی ئینتەرنێتی مانگانە بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی سیستەمی ( e-parwarda) .

**سێیەم:** دەبێت ڕۆژانە لیژنەکە سەردان و چاودێری فرۆشگە بکەن بۆ مەبەستی پاک و خاوێن ڕاگرتنی ئەو خواردن و خواردنەوانەی کە دەفرۆشرێت لە لایەن فرۆشگەکە و دڵنیابوون لە نرخ وگونجاوی لەگەڵ ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و تەندروستی.

**چوارەم:** ڕێگەنەدان بە فرۆشتنی شتی نا پەروەردەیی لە فرۆشگەی ناوەندەکانی خوێندن.

**پێنجەم:** سەپاندنی هەڵواسینی نرخی خواردن و خواردنەوەکان بە دیاریکراوی و ڕەچاوکردنی مەرجە تەندروستییەکان .

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** داهاتی فرۆشگە لە پەیمانگەکانی حکومی سەر بە وەزارەتی پەروەردە بە ڕێژەی (١٠٠%) بۆ پەیمانگەکە دەبێت، کە کۆی پارەی بەکرێدان و پارەی بەشداربووانی زیاد کردنی ئاشکرا لە خۆ بگرێت لەگەڵ ئەو (٢٠ %)ی بارمتەیەی کە وەردەگیرێت و ڕێژەی لە (٥٠%) لە ڕۆژی زیاد کردنی ئاشکرا لە ئەو کەسەی بۆی دەردەچێت وەردەگیرێت.

**دووەم:** ڕێژەی (١٠٠%) سەرەوە لەگەڵ ڕێژەی (٢٠%) ی بارمتە پێویستە لە ئەژمێرێکی بانکی لەیەک لە بانکە حکومییەکان دابندرێت بە ناوی فرۆشگە و خەرجکردنی پارەکە بەپێی ڕێنمایی داراییە بەرکارەکان دەبێت و پێویستە گشت ڕێکارەکانی ژمێریاری و ووردبینی و کۆگایی لەسەر جێبەجێبکرێت و لەگەڵ گرتنەبەری تۆمارەکانی ژمێرکاری تایبەتمەند بەو خەرجییە.

**ماددەی (٧): دەسەڵاتی خەرجکردن بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :-**

**یەکەم:** تاکو بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار بۆ هەر حاڵەتێک لە ڕێژەی (٤٢%)ی کە دراوەتە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە ) لە دەسەڵاتی ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە) دەبێت بە پێی ڕێنماییەکانی دارایی و لەوە زیاتر پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەت دەبێت ، بە مەرجێک بەپێی پلان و سوودی گشتی هەبێت و هەموو قەزاکانیش بگرێتەوە.

**دووەم:** تاکو بڕی (٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار لە ڕێژەی (٤٠%)ی کە دراوەتە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە قەزا، خەرجکردنی لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەر ایەتی پەروەردەی قەزا دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی و لەوە زیاتر تاکو بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا دەبێت و لە (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەت دەبێت .

**سێیەم:** تاکو بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لە ڕێژەی (١٠٠%)ی کە دراوەتە پەیمانگەکان، خەرجکردنی لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگەکە دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی دارایی لەوە زیاتر پێویستی بە ڕەزامەندی وەزارەت دەبێت.

**چوارەم:** لەلایەن بەڕێوەبەری هەر ناوەندێکی خوێندن بڕی (١,٥٠٠,٠٠٠) یەک ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار بۆ هەرحاڵەتێک خەرج دەکرێت لە بابەتی گرنگ و کاتی پێویست ئەگەر لەو بڕەش زیاتر بێت دەبێت تاکو(٣,٠٠٠,٠٠٠) سێ ملیۆن دینار ڕەزامەندی پەروەردە قەزاکە وەربگیرێت و دەبێت ئەم خەرجیانەش بەڕێگای لیژنەی کڕین بێت و ڕێنماییەکانی دارایی لەسەر جێبەجێ بکرێت.

**ماددەی (٨):**

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان و کارگێڕی هەر پەیمانگەیەک دەبێتە شوێنی هەڵگرتنی سەرەتاکان و بەراییەکانی یەکلایکردنەوەی پێشینەی فرۆشگەکان ، دوای تەواو بوونی کاری لیژنەی فرۆشگەکان ساڵانە بەراییەکان دەدرێتە بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بۆ هەڵگرتن و (ئەرشیف) کردن دوای ووردبینی کردنی بەپێی ڕێنماییە داراییەکان.

**ماددەی (٩):**

پێویستە لە کۆتایی گرێبەستی فرۆشگەکان لە ماوەی (١٥) ڕۆژ خشتەی ژمارە ( ٦ ) بۆ وەزارەتی پەروەردە / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان / بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری بنێردرێت بە نووسراوی فەرمی و بە (CD) و پێویستە ئەو خشتەیە واژوو بکرێت لە لایەن لیژنەکانی فرۆشگە.

**ماددەی (١٠):**

ئەو ناوەندانەی خوێندن ژمارەی قوتابییانیان لە ( ٧٥ ) قوتابی کەمترە بڕی (٢٥٠,٠٠٠ ) دووسەد و پەنجا هەزار دیناریان بۆ تەرخان دەکرێت بە شێوەی بڕاوە لە ڕێژەی (٨٣%)ی کە لە ماددەی (دووەم) ی ئەم ڕێنماییە ئاماژەی پێکراوە .

**ماددەی (١١):**

فرۆشـگەی قوتابخانەکـانی سـابیس لە ڕێگـای لیژنەیەکـی تـایبەتەوە سـاڵانە ئەنجـام دەدرێـت بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەی منداڵان.

**ماددەی (١٢):**

گرێبەستی سەرجەم فرۆشگاکان لە ڕێکەوتی کۆتـایی وەرزی دووەم / خـولی یەکەم کۆتـایی پێـدێت وفرۆشگەکە دادەخرێت و پێویستە لە گرێبەستەکە ئاماژە بەمە بکرێت.

**ماددەی (١٣):**

دەست کردن بە پرۆسەی خەمڵانـدن و بەکرێـدانی فرۆشـگەی ناوەنـدەکانی خوێنـدن لە مـانگی (٤)ی هەموو ساڵێک دەست پێ دەکات و دەبێت کۆتایی پێ بێت پێش (٧/١ )ی هەمان ساڵ.

**ماددەی (١٤):**

(٨٣ % )ی پشـکی ناوەنـدەکانی خوێنـدن کە لە مـاددەی (دووەم) ی ئەم ڕێنمـاییە ئامـاژەی پێکـراوە دەبێـت لە مـاوەی نێـوان ( ١/٨ ) تـا (١٠ / ٨ ) دابەش بکرێـت بەسـەر ناوەنـدەکانی خوێندنـدا بەپێـی ژمارەی قوتابیان.

**ماددەی (١٥):**

١-کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە ناکۆک بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە ٠

٢- ئەم ڕێنمـــاییە لە ســـاڵی ( ٢٠٢٢ – ٢٠٢٣ )کـــاری پێـــدەکرێت وە لە ڕۆژنـــامەی فەرمـــی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە .

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

خشتەی ژمارە ( 1 )

| ژ | ناوی قوتابخانە/ خوێندنگا | پۆلی ن | ڕەگەزی قوتابخا نە | شوێنی قوتابخانە ( ناوەند-قەزا-گوند) | پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی 2020-2019 | پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی 2021-2020 | پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی 2022-2021 | ژمارەی قوتابیا ن | ژمارەی بەژداربوو لە زیادکردنی ئاشکرا | ڕێژەی لە 10 % ی گوژمەی خەمڵاندن وەربگیرێت بە مەرجێک لە (100,000) سەد هەزاردینار کەمتر نەبێت و لە (500,000 ) پێنج سەد هەزار دینار زیاتر نەبێت بۆ هەر بەشداربوویەک | کۆی وەرگرتنی پارەی زیاد کردنی ئاشکرا | نرخی بەکرێدانی فرۆشگا | پارەی تامینات 50% پێش گرێبەست ئەگەر پەشیمان ببێتەوە | کۆی گشتی پارەی وەرگیراو | ژ. تەلەفۆنی بەڕێوەبەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 2 | | | | | | | | | | | | | | | |
| 3 | | | | | | | | | | | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | | | | | |

**خشتەی ژمارە (٢)**

| ژ | ناوی پەروەردە | ژمارەی قوتابیان | ژمارەی قوتابخانە | کۆی گشتی پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠ | پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٠-٢٠٢١ | پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠٢١-٢٠٢٢ | کۆی گشتی وەرگرتنی پارەی زیاد کردنی ئاشکرا (١) | کۆی گشتی نرخی بەکرێدانی فرۆشگا(٢) | کۆی گشتی پارەی وەرگیراو (١+٢) | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | | |

**خشتەی ژمارە (٣)**

| ژ | ناوی پەروەردە | ژمارەی قوتابیان | ڕێژەی ٨٣% ی قوتابخانەکان | ڕێژەی ٣% ی چالاکی وەرزشی و هونەری | ڕێژەی ١٤% | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | ڕێژەی ٤٠% بۆ پەروەردەی قەزاکان | ڕێژەی ١٥% بۆ خول | ڕێژەی ٤٢% بۆ ب.گ.پ. پارێزگا | ڕێژەی ٣% بۆپەروەردەی تایبەت | |
| **١** | | | | | | | | | |
| **٢** | | | | | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | |

ڕێژەی ٨٥% قوتابخانەکان لەسەر بنەمای ژمارەی قوتابیان پارەکە دابەش دەکرێتە سەر پەروەردەی قەزاکان واتا کۆی گشتی پارەی وەرگیراو لەسەر ئاستی پەروەردەی پارێزگا دابەشی کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان دەکرێت لەسەر ئاستی پەروەردەی پارێزگا پاشان هەر پەروەردەی قەزایەک بەپێی ژمارەی قوتابیان پارەکەی دەدرێتێ.

ڕێژەی ٤٠% ی پەروەردەی قەزاکان دەدرێت بە پێی کۆی گشتی ژمارەی قوتابیانی پەروەدەی قەزاکە.

**خشتەی ژمارە (٤)**

| ژ | ناوی قوتابخانە/ خوێندنگا | ژمارەی قوتابیان | پارەی یەک قوتابی | کۆی گشتی پارەی پێدراو | ژ. تەلەفۆنی بەڕێوەبەر |
|---|---|---|---|---|---|
| **١** | | | | | |
| **٢** | | | | | |
| **٣** | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | |

**خشتەی ژمارە (٥)**

| ژ | ناوی قوتابخانە/ خوێندنگا | پۆلین | ڕەگەزی قوتابخانە | شوێنی قوتابخانە ( ناوەند-قەزا-گوند) | ناوی بەڵێندەر | ژمارەی مۆبایلی بەڵێندەر | پارەی بەکرێ گیراوی ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣ | پارەی تامینات ٢٠% | ژ. مۆبایلی بەڕێوەبەر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **١** | | | | | | | | | |
| **٢** | | | | | | | | | |
| **٣** | | | | | | | | | |
| **کۆی گشتی** | | | | | | | | | |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٥٦٤٣ لە ٢٠٢٢/٦/١٤**

## ڕێنمایی دارایی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢
## ڕێنمایی تایبەت بە تەنسیب کردنی فەرمانبەران

پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە (٨٢٢) لە ٢٠٢٢/١/١٨ وەکو لێژنە پێشنیارمان بە هەموارکردنەوەی ڕێنماییەکانی تەنسیب بەم شێوەیەی خوارەوە:

تەنسیب بریتییە لە خواستی فەرمانبەری گشتی بەڕەزامەندی خۆی یان فەرمانگەکەی بە مەبەستی مومارەسەکردنی وەزیفەیەکی هاوشێوەی وەزیفە بنەڕەتییەکەی (الاصلیة) و لە ئاست و پلەی خۆی لە چوارچێوەی ئیدارەی گشتی حکومەتدا بۆ ماوەیەکی کاتی و لەگەڵ مانەوەی لەسەر میلاکی فەرمانگە بنەڕەتییەکەی خۆی.

١- لە کاتی تەنسیب کردنی فەرمانبەرێك لە فەرمانگەیەك بۆ فەرمانگەیەکی تر ، ئەوا فەرمانبەرەکە هەر لە سەر ئەو فەرمانگەیە هەژمار دەکرێت کە لێی تەنسیب کراوە و ناخرێتە سەر ئەو فەرمانگەیەی کە بۆی تەنسیب دەکرێت لەبەر ئەوەی تەنسیب کردن حاڵەتێکی کاتیە و فەرمانبەرەکە لە دواییدا دەگەرێتەوە بۆ فەرمانگە بنەڕەتیەکەی خۆی (الاصلیة).

٢- دەبێت تەنسیب کردنەکە بۆ ماوەیەکی دیارکراو بێت واتا لە فەرمانی تەنسیبەکە ماوەکە دیار بکرێت.

٣- ماوەی تەنسیب کردن نابێت لە (٣) ساڵ تێپەرێت دەربارەی فەرمانبەران لە هەموو حاڵەتێکدا تەنسیبەکە بۆ ماوەی یەك ساڵ بێت لە دەستپێکی رەزامەندی هەردوو وەزیری تایبەتمەند بە مەرجێك ئەم دەسەڵاتە (واتە دەسەڵاتی درێژکردنەوە ) بە کاربهێنرێت لە مەودایەکی سنووردار و لە کاتی زۆر پێویست دەبێت وە بۆ مامۆستایان تەنها بۆ ماوەی (٢) ساڵ دەبێت

٤- فەرمانبەر تەنسیب دەکرێت لە نێوان فەرمانگە فەرمیەکان.

٥- تەنسیب تەنها فەرمانبەری هەمیشەیی دەگرێتەوە فەرمانبەری گرێبەست ناگرێتەوە.

٦- تەنسیب کردنی فەرمانبەر لە چوارچێوەی وەزیفەکەی دەبێت کە هاوشێوەی وەزیفەکەی خۆیەتی لە هەمان ئاست و پلەدا بێت.

٧- فەرمانبەری تەنسیب کراو لە فەرمانگە بنەڕەتیەکەی مووچە و دەرماڵەکانی وەردەگرێت.

٨- ئەو فەرمانبەرانەی کە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ تنسیب دەکرێن بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە پێچەوانەشەوە مووچە و دەرماڵەکانیان لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ بۆیان خەرج دەکرێت.

٩- فەرمانگەی پەیوەندیدار پابەند دەبێت بە کۆتایی هێنان بە تەنسیبی فەرمانبەران دوای کۆتایی هاتنی ماوەی دیاری کراو لەم ڕێنماییە.

١٠- کار بە هیچ ڕێنماییەکی تری ناکرێت جگە لەم ڕێنماییە.

١١- ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٧٣٥٠ لە ٢٠٢٢/٦/١٣**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٧،١٠٧،١٠٢،٨٣،١١) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەمواركراو ، ڕێنمایی هاوبەشی (وەزارەتی ناوخۆ , وەزارەتی دارایی و ئابووری ) ژمارە ٢٠٢١/٧ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاکردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (١) لە پارێزگای (دهۆك) قەزای (سیمێل) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٤٤-١/٧٤) بە ڕووبەری (٥٠ دۆنم) بۆ كۆگاکردن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لەلایەن کۆمپانیای (دونیا میراك).

٢- ئۆتۆمبێلەکان دوای چاککرنەوە بەپێی پێناسەی گومرگی و ڕێنماییەکان باج و رسوماتیان لێ وەردەگیرێت.

٣-مەرجەکانی دامەزراندن و کارکردنی ئەم کۆمەڵگایە بەپێی بەندەکانی گرێبەستێك دەبێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و کۆمپانیادا ئەنجام دەدرێت و لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوری پەسەند دەکرێت.

٤- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێ بەجێ کردن .

---

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە: ٧٣٥١ لە ٢٠٢٢/٦/١٣**

**بڕیاری گومرگی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە ماددەکانی (١١٧،١٠٧،١٠٢،٨٣،١١) لە یاسایی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٨٤ی هەمواركراو ، ڕێنمایی هاوبەشی (وەزارەتی ناوخۆ , وەزارەتی دارایی و ئابووری ) ژمارە ٢٠٢١/٧ و بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە:

١- دامەزراندنی کۆمەڵگای چاکردنەوەی ئۆتۆمبێل ژمارە (٢) لەپارێزگای (سلێمانی) قەزای (سلێمانی) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٤/٣)ی ناوچەی(٥)ی باریكە بە ڕووبەری (١٥/دۆنم)بۆ كۆگاکردن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی هاوردەکراو لەلایەن کۆمپانیای (ڕەزگە).

٢-ئۆتۆمبێلەکان دوای چاککرنەوە بەپێی پێناسەی گومرگی و ڕێنماییەکان باج و رسوماتیان لێ وەردەگیرێت.

٣- مەرجەکانی دامەزراندن و کارکردنی ئەم کۆمەڵگایە بەپێی بەندەکانی گرێبەستێك دەبێت لە نێوان بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ و کۆمپانیادا ئەنجام دەدرێت و لە لایەن وەزیری دارایی و ئابوری پەسەند دەکرێت.

٤- ئەم بڕیارە لە بەرواری بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەخرێتە بواری جێبەجێ کردن .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**ئەنجومەنی دادوەری**
**ژمارە: ١٦٤٧ لە ٢٠٢٢/٦/٩**

**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢**

پشت بە حوکمی مادده(٨) لە یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە ٢٣ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :

**یەکەم:** دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە بەرواری ٢٠٢٢/٧/١

**دووەم:** ئەو کێشانەی پەیوەندییان بە (کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە) هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێن:

١- وەرگرتنی داوانامە (عريضة الدعوى) و گلدانەوەی یەدەگ (الحجز الاحتياطي) و پێراگەیاندنی یاسایی.

٢- ئەو کێشە و پرسە بە پەلانەی دەروازەی دەیەم لە کتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی ژمارە (٨٣)ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کردوون.

٣- ئەو داوایانەی گلدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیارێك یا مامەلەیەکی تێدا دەکات

٤- داوای میری بۆ مولك سەندنەوە (استملاك).

٥- ئەو داوایانەی داوالێکراو قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم.

٦- داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێی بکەوێتەوە.

٧- داوای هەڵگرتنەوەی و لێك کرینەوە (شفعه) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆلکردنی بە کرێدراو.

٨- داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و ڕێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقى وا المجرى و المسيل والمرور ) مافەکانی (ارتفاق).

٩- داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیا و ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە.

١٠-داواکانی ڕاست کردنەوەی (تەمەن ، ناو ، نازناو)

١١-ئەو داوایانەی فەرمانگەی ڕەسمی یان نیمچە ڕەسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە.

١٢- داواکردنی خەرجی بژێوی(نفقه)و دایەنی (حضانه)و دیتنی منداڵ ورەچەلەك (مشاهده طفل و نسب ).

١٣- داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد).

١٤- داواکانی لادانی سەرکار(قیم) و پێ سپێرداو (وصی)

١٥-داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە.

١٦- ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلەی دانابێت.

**سێیەم:** جگە لەو داوا و کێشانەی لە برگەی دووەمی ئەو (بەیان) ـە دا هاتووە ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببێنیت ئەگەر:

أ. بۆ دادگا دەرکەوت لە دواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە.

ب. هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن.

ج. داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی.

**چوارەم:** گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایی خۆیان لە کاتی پشووی دادگاکان بەردەوام دەبن.

**دادوەر**
**عبدالجبار عزیز حسن**
**سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە مادده (٣) برگە (١) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٩٢٢ لە ٢٠٢٢/٢/٢) تایبەت بە بەرجەستەکردنی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات و بنەمای لامەرکەزییەت لە بەڕێوەبردندا و دوا بەدوای نووسراومان ژمارە(٩٣٢١ لە ٢٠٢٢/٤/٢٥) و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان بە نووسراویان ژمارە (٧٥٤٣ لە ٢٠٢٢/٥/٢٤) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ،بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانەی خوارەوە :

**یەکەم:** دابەزاندنی ئەم دەسەڵاتانەی کە لە خوارەوە دیاریکراون بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان بۆ فەرمانبەرانی ڕاژەی شارستانی میلاکی دیوانی (پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان و قەزا و ناحیەکان) و ئەم دەسەڵاتانەش کاریگەریی نابێت لەسەر ئەو دەسەڵاتە کارگێڕیانەی کە پێشتر شۆڕکراونەتەوە لە چوارچێوەی یاسا کارپێکراوەکان بەپێی هەردوو بەیانمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٨ و هەموارەکەی بەبەیانمان ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩):

١- دەسەڵاتی سەرمووچەی ساڵانە (علاوة سنوية) بە فەرمانبەران تا پلەی وەزیفی (٣) و بەرەو خوار بەپێی یاسا و ڕێنماییەکارپێکراوەکان.

٢- گواستنەوە و تەنسیبکردنی فەرمانبەران لە پلە (٣) و بەرەو خوارەوە , لەسەر میلاکی دیوانی پارێزگا وئیدارە سەربەخۆکان و قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ.

٣- دەربڕینی لارینەبوون لەسەر گواستنەوە و تەنسیبکردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە ئاماژەی پێدراوە بۆ وەزارەت و دامەزراوەکانی دیکە لە سنووری پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ لە دوای هاتنەدی گشت مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا ورێنماییە کارپێکراوەکان بە مەرجێك هیچ جۆرە پابەندییەکی دارایی زیادەلەسەر حکومەت دروست نەکات

٤- بڕگەی(٣)ی سەرەوە هەردوو وەزارەتی (خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی , پەروەردە) ناگرێتەوە.

٥- جێبەجێکردنی دەسەڵاتەکانی هاتوو لە بڕگەی (٣)ی سەرەوە ، پەیوەستە بە ڕەچاوکردنی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق , ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ ، و بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣٣)ی ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٦، و بڕیارەکانی تایبەت بە قۆناغی دووەمی جێبەجێکردنی پرۆگرامی بایۆمەتری

٦- جێگیرکردنی فەرمانبەران دوای تەواوبوونی ماوەی ئەزموونیان.

٧- کۆتاییهێنـان بە ڕاژەی فەرمـانبەران لە دوای تێپەڕبـوونی مـاوەی ئاگادارکردنەوەیـان(اخطـار) بە گوێرەی یاسا بەرکارەکان.

٨- ئاراستەکردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەران و دەرکردنی فەرمانی پێدانی پێشخستن (قدم) لە دەرەنجامی وەرگرتنی ئەو سوپاس و پێزانینە بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان.

٩- پێدانی گشت جۆرە مۆڵەتێکی یاسایی وەکو مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشـی و مـۆڵەتی دایکـایەتی و مۆڵەتی بێ مووچە بۆ گشت پلە گشتییەکانی وەزیفە بەپێـی مەرج و پێداویستییەکانی هـاتوو لە یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان ، وبڕینی ئەو مـۆڵەتە و دەرکردنـی فەرمـانی دەسـت لە کارترازانـدن و دەست بەکاربوونەوەی فەرمانبەران.

١٠- پێدانی مۆڵەتی خوێنـدن بـۆ نـاوەوەی ووڵات ، بەپێـی مەرجەکـانی هـاتوو لە پەیـڕەو و ڕێنمـایی مۆڵەتی خوێندن.

١١- ئیفادکردنی فەرمانبەران بۆ ئیش و کاری فەرمی لەناو هەرێم و عێراق کە لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت

١٢- خانەنشینکردنی فەرمانبەر لە پلە (٣) و بەرەو خوارەوە بەهۆی تەواوبونی تەمەنـی یاسـایی یـان لە حاڵەتەکـانی دیـکەی مـافی خانەنشـینبوونی ڕێـگە پێـدراو لە یاسـا بەرکارەکـانی خانەنشـینیی بەمەرجی هاتنەدی گشت مەرج و پێداویستییەکانی هاتوو لە یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

١٣- پێکهێنانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە بەپێی حوکمەکانی یاسـای بەرزەفتکـاری فەرمـانبەرانی دەوڵەت وکەرتی گشتی ژمارە ١٤ی ساڵی ١٩٩١.

١٤- پێکهێنانی لیژنە پێویستەکان کە لە یاسا و پەیڕەو و ڕێنماییەکاندا هاتووە وەك لیژنەی کـڕین یـان بە کرێگرتن و کردنەوەی تەندەر و شیکردنەوە و لیژنەکانی خەمڵاندن و فرۆشتن و بەکرێدان.

**دووەم:** سـەرجەم ئەو دەسـەڵاتانەی لەسـەرەوە ئامـاژەیـان پـێ دراوە دەبێـت لە چوارچێـوەی یاسـا و ڕێنمـاییە بەرکارەکـان پیـادە بکـرێن و وێـنەی ئەو فەرمـانە کارگێڕییـانەی بـۆ پیـادەکردنی ئەم دەسـەڵاتانە بـدەن بە دیـوانی وەزارەت و لایەنـی ڕاسـپێردراو بە پیـادەکردنی ئەم دەسـەڵاتانە بەرپرسارێتی یاسـایی لە ئەسـتۆ دەگـرن لەم ڕووەوە بـۆ ئەم مەبەسـتەش بەڕێوەبەرایەتییەکـانی وردبینـی و چـاودێری دارایـی وەزارەت و لایەنەکـانی نەبەسـتراو بە وەزارەت و دامەزراوەکـانی دەستپاکی و دیوانی چاودێریی دارایی بە ئەرکی خۆیان هەڵدەستن بەپێی تایبەتمەندییان.

**سێیەم:** لە کاتی هەبوونی ناکۆکی لە نێوان دەسەڵاتەکانی هـاتوو لە سـەرەوە لەگەڵ ئەو دەسـەڵاتانەی کە پێشتر دراون بەپێی هەردوو بەیانمان ژمارە (١ی ساڵی ٢٠١٨ و هەمـوارەکەی بەبەیانمـان ژمـارە ٣ی ساڵی ٢٠١٩) کار بەو دەسەڵاتە دەکرێت کە زیاتر شۆڕکراونەتەوە.

**چوارەم:** ئەم بەیـانە لە ڕۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پێـدەکرێت و لە ڕۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**بەیانی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، و ماددەی شەشەم برگە سێزدەیەم لە یاسای پارێزگاکانی هەرێم ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموار کراو و رێنمایی وەزارەتمان تایبەت بە فراوانکردنی وهێنانەکایە و گواستنەوەی شوێنی گوندەکان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ی هەموارکراو ، و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆك ژمارە (٢٢٥٨ لە ٢٠٢٢/٤/٢٥) و بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا :

**یەکەم:** گواستنەوەی **(گوندی ئەردا)**و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ لە سنوری ناحیەی مانگێشك/ قەزای ناوەندی دهۆك لە پارێزگای دهۆك بە ڕووبەری (٥ دۆنم )پێنج دۆنم لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١١) لە کەرتی ٦/ئەردا ) وەك لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆك لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسای کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم :** ئەم بەیانە لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار**

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٩١٧ لە /٢٠٢٢/١٢/٢) و فەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٣٧ لە ٢٠٢٢/١٢/٢٢) کە بەرێوەبەرایەتی ناحیەی سەلاحەدین کراوە بە قایمقامیەتی قەزای پیرمام دوای دەرچوونی بڕیاری ئەنجومەنی شارەوانی پیرمام ژمارە (٢ لە ٢٠٢٢/٣/٣٠) لەبەر نەبوونی هیچ سکالایەک یان رەخنەیەک لە هیچ لایەنێک پاڵپشت بە یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦ی ساڵی ١٩٩٣) بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێماندراوە بڕیارماندا:-

١- بەگۆرینی شارەوانی سەلاحەدین بۆ شارەوانی پیرمام.

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ساسان عەونی**
**وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار**

وەزارەتی داد

**بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

١- کردنەوەی (**جێگرایەتی داواکاری گشتی لە شارۆچکەی کەلار**) سەر بە فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

١- کردنەوەی (تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی کەسنەزان .

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

١- کردنەوەی (فەرمانگەی دادنووسی سێیەمی هەولێر) لە پارێزگای هەولێر.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

١- گۆرینی (**بەشی ئەندازیاری**) بۆ (**بەرێوەبەرایەتی ئەندازە و پرۆژەکان**) وە لکاندنی هەر دوو (بەشی ژمێریاری پرۆژەکان و بەشی هونەری) بەم بەرێوەبەرایەتیەوە لە دیوانی وەزارەتی داد.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

وەزارەتی داد

## بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٩) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠٠٧) وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

- گۆرینی (هۆبەی بەدواداچوون) بۆ ( بەشی یاسا و بەدواداچـوون) لە فەرمـانگەی داواکـاری گشـتی سلێمانی .

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقـایعی کوردسـتان) بـڵاو دەکرێتەوە

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**

---

وەزارەتی دارایی و ئابووری

## بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢

پاڵپشت بەفەرمانی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٢١٩/١/١) وە ئاماژە بەبڕیاری دادگـای بـاڵای ئیتحـادی ژمارە (٧٢/ اتحادیە/٢٠٢١ لە ٢٠٢١/١٠/٢٠) وە گواستنەوەی ئەنجومەنی دادوەری بۆ سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوە لە دادگای گومرگی (هەولێر/ سلێمانی / دهۆک /گەرمیان).

١- گۆرینی ناوی سەرۆکایەتی دادگا بۆ بەڕێوەبەرایەتی کاروباری دادگای گومرگ.

٢-گۆرینی ناونیشانی بەڕێوەبەری کارگێری بۆ بەڕێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری دادگای گومرگی

## بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی بڕگە(٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمـارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارمان دا بە:

- کـردنەوەی (بەڕێـوەبەرایەتی خـانووبەرەی میـری زاخـۆ) لە سـەر میلاکـی وەزارەتەکەمـان بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

## بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢

بەپێی بڕگە(٢) لە ماددەی (١٧) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ژمـارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ وە بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارمان دا بە:

- کردنەوەی (بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکانی زاخۆ) لە سـەر میلاکـی وەزارەتەکەمـان بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- ڕاستکردنەوەی بەیانی ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠٢٢)ی وەزارەتمان بە گۆرینی هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەشی (ڕاهێنانی پیشەیی) لە قەڵادزێ بۆ بەشی ڕاهێنانی پیشەیی لە ڕاپەرین سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارودەستەبەری کۆمەڵایەتی / بەرێوەبەرایەتی ڕاهێنانی پیشەیی سلێمانی بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی کەم ئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت لەو دەڤەرە.

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی بەشی (چاودێری پاشینە) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاکسازی کۆمەڵایەتی لە ژێر ڕۆشنایی ئەحکامەکانی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی (١٩٨٣) بۆ چاودێری کردن و گرێنتی کردنی درێژەدانی خوێندنی نەوجەوانان دوای دەرچونیان لە چاکسازی.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) وە بەپێی یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە (٣٩)ی ساڵی ١٩٧١ی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان و پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١١٥١) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٩بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران) لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ سوود مەندبوونی خاوەن کار و کرێکارانی ئەم سنوورە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا و کارگە و شوێنکاری تێدایە.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧بڕیارماندا بە :

١- گۆڕینی هەریەک لە بنکەکانی (رانیە،هەڵەبجە، سۆران،زاخۆ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی سندوقی پشتیوانی پرۆژە بچوکەکانی لاوان بۆ نووسینگەی سەربەخۆ لەبەر ئەوەی لە ئێستادا ئەو ناوچانە لەرووی کارگێریەوە بوون بە ئیدارەی سەربەخۆ .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی ٢٠٠٧ و پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٥٥٠) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٤ بڕیارماندا بە:

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی هەڵەبجە) لە پارێزگای هەڵەبجە بۆ سوودمەندبوونی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە تائێستا سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی پارێزگای سلێمانی بووە.

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**بەیانی ژمارە(١٤)ی ساڵی ٢٠٢٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٧)ی بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢) ساڵی (٢٠٠٧) و پاڵپشت بەنوسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٥٥٢) لە رێکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٤ بڕیارماندا بە :

١- هێنانەکایەی (استحداث) کردنی (بەرێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سەید صادق) لە ناو سەنتەری قەزای سەیدصادق لەبەر بەرژەوەندی گشتی و کارئاسانی کردن و خزمەتکردنی هاوولاتیان و کەم کردنەوەی رۆتین و بەدەمەوەهاتنی داواکارییەکانی هاوولاتیان لەو قەزایە .

٢- ئەم بەیانە لە رێکەوتی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لە سەردەکرێت.

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**